تجميد عمله في اللجنة منذ ذلك الوقت، لكن استمراره في العمل في اللجنة مع العمل على وضع العراقيل أمام تنفيذ اللجنة لواجباتها الدستورية بأساليب عديدة معروفة لدينا هو الشيء المعيب. أن الحجج التي يعرضها الان السيد رئيس هيئة حل نزاعات الملكية العقارية بهدف إلغاء العمل بالمادة ١٤٠، هي نفس الحجج التي تذرعت بها أطراف سياسية أخرى قبله، وقد تأخر في ضم صوته لأصواتهم بعد أن أدرك ضعف حججهم، فأراد إعطاء حجج "قانونية" أخرى يفترض عدم صدورها من رجل قانون الذي يفترض أن يكون مهنيا ومحايدا، خاصة وانه كان عضوا في اللجنة العليا للمادة ١٤٠ خلال مدة ليست بقصيرة. إن الحجج التي يسردها ألان سياسية بحتة لا صلة لها لا بالدستور ولا بالقانون، وإيرادهما في هذا السياق يؤكد عدم حياديته منذ البداية، ونحن بدورنا نضم صوتنا لصوته ونطالب بإلغاء الأمر الديواني المرقم ٢٨٣٢ الصادر في ١٥ تشرين الأول ٢٠٠٦، لأنه فقد صفته الحيادية فلا يحق له الاستمرار في لجنتا، كما وان المؤسسة التي يرأسها لم تكن منذ البداية متعاونة مع لجنتنا، بعكس ما يدعيه في المذكرة المرفوعة لسيادتكم.

ثانيا: يذكر السيد رئيس هيئة حل نزاعات الملكية العقارية في الفقرة (٣) من مذكرته انه انزعج من توقف اللجنة في أداء واجباتها بسبب استقالة رئيسها السابق، وهذا الكلام لا يستقيم مع ما ورد في الفقرتين (١ و٢) من مذكرته حول عدم مراعاة التوازن في تشكيل اللجنة مند بداية تشكيلها وانها كانت ولا تزال تعمل بأسلوب واجندة سياسية.

ثالثا: يدعى السيد رئيس هيئة حل نزاعات الملكية العقارية في الفقرة (٤) من مذكرته أن اللجنة " لم تراعي تسلسل المراحل التي وردت في المادة ١٤٠ من الدستور". ونكرر السؤال ذاته لمادا انتظر كل هذه الفترة ولم يعترض خلال عمله في اللجنة على أعمالها "اللاقانونية" تلك، وكيف يجعل من نفسه مستشارا قانونيا للسيد رئيس الوزراء، وبالذات بعد ٣١ كانون الأول ٢٠٠٧؟ كان الأولى بالسيد رئيس هيئة حل نزاعات الملكية العقارية أن ينتظر قرار أعلى هيئة قانونية في العراق وهي المحكمة الاتحادية العليا التي كلفت بالنظر في الموضوع بناء على طلب من مجلس النواب العراقي، لا أن يتخذ من نفسه مستشارا قانونيا لرئيس الوزراء دون أن يطالبه أحد بذلك، أو لا يعني طرحه لتلك الآراء والأفكار فقده لصفة الحيادية وعدم إمكان استمراره في العمل ضمن لجنتنا ؟

رابعا: يبدو أن السيد رئيس هيئة حل نزاعات الملكية العقارية كان ينتظر الفرصة المناسبة ليطالب ما كان يجول بداخله منذ زمن، وهو طلب (إلغاء قرار تشكيل لجنة تنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور ونقل المهمة الموكلة إليها إلى مجلس النواب ليقوم بدوره بتشكيل لجنة برلمانية جديدة تتولى حل مشكلة كركوك والمناطق الأخرى المتنازع عليها ضمن سقف زمني لا يتجاوز ولاية مجلس النواب الحالي). هنا يتكلم كسياسي وليس كرجل قانون ويكشف عن آرائه بشان قضية معروضة عليه لكونه لحد الآن عضوا في تلك اللجنة، هنا أيضا يتناسى ما اقترحه في الفقرة (ثانيا) من مذكرته المرفوعة إلى السيد رئيس الوزراء عندما اقتراح الرجوع إلى نص المادة (١٢٦) من الدستور، شانه في ذلك شان المطالبين بجعل المادة ١٤٠ مادة جامدة لحين البت فيها في استفتاء جديد مع المواد الدستورية الأخرى.

يؤكد السيد رئيس هيئة حل نزاعات الملكية العقارية في مذكرته حرصه الشديد على حل المشاكل المتعلقة بالمادة ١٤٠ من الدستور ولكن عن طريق إلغاء اللجنة المكلفة بتنفيذها أو تجميدها على الأقل، ولتحقيق ذلك يطالب بتعليق عضويته في اللجنة لأسباب كان يخفيها سابقا لكنه يعتقد ألان قد الأوان لطرحها، وهي أسباب سياسية بحتة لا صلة لها بالدستور أو بالقانون. ونحن بدورنا نرى أن بقاء السيد رئيس هيئة حل نزاعات الملكية العقارية في منصبه الحالي يعني عدم تعاون المؤسسة التي يرأسها مع لجنتنا، وبالتالي عرقلة جزء كبير من أعمالها، والأمر متروك لتقديركم.

مع بالغ التقدير.

**اللجنة العليا المكلفة بتنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور**

**ملاحظة: اقترح تقديم هذه المذكرة إلى السيد رئيس الوزراء باسم اللجنة.**

**مع بالغ تقديري**
**دكتور نوري طالباني**
**٢٧ كانون الثاني ٢٠٠٨**



## دیداریک لەگەڵ بەڕێز غەفور مەخمووری:

# دواکەوتنی جێبەجێکردنی ماددەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە وەکو پێویستە قۆناغ بەقۆناغ پێداگیری نەکراوە لەسەر جێبەجێکردنەکە

*** تێڕوانینت بۆ ماددەی (١٤٠)ی دەستوور لەم قۆناغەدا چۆنە؟**

- جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لەم قۆناغەدا زۆر ئاڵۆز بووە بەتایبەت دوای ئەوەی کە پێشنیاری UN بۆ درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنەکە بۆ ٦ مانگ قبوڵ کرا، سەیردەکەین لەو ٦ مانگەش ئەوە دوو مانگ رۆیی هیچ نەکراو، چ هەڵوێستێکی واشمان نەبینی کە ببێتە هۆکار بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی ماددەکەو، ئەو لیژنانەی کە هەشن بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ جگە لە ئەنجامدانی کۆبوونەوەی بێ بەرهەم چ کارێکی وایان نەکردووە کە کاریگەری هەبێ بۆ سەر جێبەجێکردنی ماددەکە. دواکەوتنی جێبەجێکردنی ماددەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە وەکو پێویستە قۆناغ بەقۆناغ پێداگیری نەکراوە لەسەر جێبەجێکردنەکە، هەقە ئێستا لە UN بپرسین ئەرێ ئەوا دوو مانگ تێپەڕی چیتان کرد؟ ئایا بەو چوار مانگەی کە ماوە چیتان پێ دەکرێ؟! بێگومانم لەوەی کە UN هیچی پێناکرێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیەو هەوڵەکەشی تەنها کات بەفیرۆ دانە هێمنکردنەوەی خەڵکی کوردستانەوە هیچی تر.

*** لەو باوەڕەدایت، کە درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی ماددەکە بەس بێت بۆ جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ماددەکە؟**

- لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە، ئەوە چوار ساڵە هیچ نەکراوە جگە لە چەند بڕیارێک کە زیاتر مەرەکەبی سەر کاغەز بوون، ئایا بە تەنها شەش مانگ چی دەکرێت؟ لەڕاستیدا حکومەتی عێراق نیەتی جێبەجێکردنی ماددەکەی نییە، لەپەرلەمانی کوردستان پێشنیاری ئەوەم کرد ئەو پێشنیارەی UN رەتبکەینەوەو گوتم با جارێ شتێ رەت بکەینەوە خۆ دونیا کاول نابێت، هەروەها پێشنیارم کرد گوتم با داوا لە حکومەتی عێراق بکەین بەبڕیارێک ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە سەر کوردستانە ئەو کارانەی ماون با لەماوەی ئەو شەش مانگە بکرێت بەداخەوە لەم وڵاتە گوێ لە کەس ناگیرێ! ئەمانە هیچیان نەکرا، زۆر بە باوەڕەوە لە پەرلەمان دژی درێژکردنەوە کە دەنگمدا، لەبەر ئەوەی باوەڕم نییە UN کێشەکەی پێ چارەسەر بکرێت، دواتر باشە بۆ داوا ناکرێ کە تەواوی کێشەی کورد ببردرێتە UN.

*** ئەدی ئەگەر جێبەجێ نەبوو، کورد ئەلتەرناتیڤێکی تری هەیە جگە لە ماددەی (١٤٠)؟**

- بە باوەڕی من کاتی خۆی هەڵەیەکی گەورە کراوەو بەسەر کورددا تێپەڕیوە کە قبوڵی کردووە ریفراندۆم لەسەر ئەو ناوچانەن بکرێت باشە کەس هەیە لەدونیا ئەوە قبوڵ بکات لەناوماڵی خۆیدا ریفراندۆم لەسەر ژوورێکی خانووەکەی بکات بزانیت هی خۆیەتی یان نا!! بە هەرحاڵ ئەوە کرا، لە هەمووشی گرنگتر دەبووا لەگەڵ رووخانی سەددام سەرکردایەتی کوردستان بچێتە کەرکوکە کەرکوک بکاتە سەنتەری بڕیاری سیاسی کوردستان نەک بچێ لە بەغدا بمێنێتەوە، ئەوەش نەکرا هەوڵی دروستکردنەوەی عێراق درا، ئەوەتا دەبینین عێراقیش بەرامبەر ئێمە هەڵوێستی چۆنە؟ ئێمە دەبێ سوود لەرابردوو وەربگرین هەر کاتێک هەر دەسەڵاتێکی عێراقی لەرەوشێکی خراپ دا بووبێت ئامادەی دانوستان بووە، بەڵام کە رەوشەکەی باش بووە دژی گەلی کوردستان وەستاوەتەوە، ئێستاش هەروایە، عەقلیەتی عەرەبی زۆر بەزەحمەت بەرامبەرەکەی قبوڵ دەکات، بۆیە بە باوەڕی من باشترین ئەلتەرناتیڤ ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان بڕیار

بدات ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە سەر کوردستان بەهاوکاری لەگەڵ ئەنجوومەنی شارەوانی ئەو ناوچانە ئەو بڕیارە وەربگرێتە ئیدارەی ناوچەکان بکات، لەئەنجامدا ئێمە شەڕێکی گەورەمان لەپێشە لەسەر کەرکوکء مەخموورو شنگالء شێخانء ناوچەکانی تر، دوێنی ئەو شەڕەمان بکردبووا باشتر بوو، ئەمڕۆش باشترە لە سبەی. ئەگەر خۆمان کارەکە نەکەین کەس بۆمان ناکات!.

**پ٤/ تەدەخولی UNء هاتنی نوێنەریان بۆ کەرکووکء کۆبوونەوەی لەگەڵ پێکهاتەکانی شارەکە لەبەرژەوەندی کێدایە؟**

– شتێکی ڕۆتینیە UN کارێکی وەرگرتووە دێ خەڵک دەبینێء گوێ لە بیروڕایان دەگرێ، بەڵام گرنگی ئەوە بە گوێی خەڵکەکە دەکات؟

*** تۆ بڵێی نوێنەرەکەی UN داوای کۆمەڵێک تەنازولات لە کورد نەکات؟**

– بێگومان UN پاش ماوەیەکی تر کە ٦ مانگەکە تەواو دەبێت جارێکی تر دێ پێشنیاری تر دەخاتە بەردەم سەرکردایەتی کوردستانء داوای کاتی تر دەکاتء هەوڵدەدات تەنازولی تر بە کورد بکات، بەڵام دەبێ ئەمجارە بە گوێی نەکرێء بگوترێ ٦ مانگە چیت کرد هەر ئەوە دەکەیتە خۆتء پێشنیارەکانتان خواتان لەگەڵء دەبێ بڕیاری خۆمان بدەین.

*** ئەزموونمان لەگەڵ UNدا هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، فەلەستینء دارفۆرو زۆر کێشەی دیکە، هەر بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، تۆ بڵێی UN ئەمجارە بتوانێ کێشەی کەرکوک بەیەکجاری یەکلایی بکاتەوە؟**

– بەدڵنیاییی ناتوانێ کێشەی کەرکوکء مەخموورو خانەقینء شنگالء ناوچەکانی تر لەو شەش مانگەدا جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوەی لەسەرتاسەری جیهاندا کێشەیەک نەبووە UN لەکاتی خۆیدا جێبەجێی کردبێت، چاوەڕێی موعجیزەش لە UN ناکرێت.

*** جەبهەی تورکمانیء چەند ئەندامێکی ئیئتیلافی شیعەش دژایەتی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) دەکەنء داوای هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ کەرکووک دەکەن، خوێندنەوەت بۆ ئەم تەرحە چییە؟**

– بەناو بەرەی تورکمانی هەر لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە دژ بەخواستەکانی گەلی کوردستان وەستاوەتەوەو هەموومان دەزانین ئەوان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان کاردەکەنء ئیئتیلافی شیعەش وەک ڕەوتێکی شۆڤینی عەرەبی کە خۆیان لەبەرگێکی مەزهەبیدا نیشان دەدەن وەک هەر عەرەبێکی تر ئامادە نین لەواری کرداریدا هیچ شتێک بۆ کوردو خەڵکی کوردستان بسەلمێنن، ئەو بۆچوونەش کە کەرکوک ببێتە هەرێمی سەربەخۆ کارێکی نەویستراوەو دەبێ ڕەتبکرێتەوە لەبەر ئەوەی هەوڵێکە بۆ دابڕینی کەرکوک لەکوردستان، من زۆر دژی ئەو بۆچوونەمء قبوڵ کردنی ئەم تەرحانە خیانەتێکی نەتەوەییء نیشتمانی مەزنەو دەبێ بە هەموو لایەکمان کار بکەین لەدژی ئەم بۆچوونانەو ئەوانەی کار بۆ ئەم مەبەستە دەکەن.

**به باوەڕی من کاتی خۆی هەڵەیەکی گەورە کراوەو بەسەر کورددا تێپەڕیوە کە قبوڵی کردووە ریفراندۆم لەسەر ئەو ناوچانەن بکرێت باشه کەس هەیە لەدونیا ئەوە قبول بکات لەناو ماڵی خۆیدا ریفراندۆم لەسەر ژوورێکی خانووەکەی بکات بزانیت هی خۆیەتی یان نا!!**

# البلاغ الختامي للمؤتمر العام الأول لتركمان العراق

في ظل المشهد السياسي العراقي الراهن المثقل بالتحديات الحقيقية والأشكاليات التي تعرقل وتعترض العملية السياسية، وفي أجواء الحراك السياسي التركمانى المحلي منه والأقليمي الذي خلق حالة من التفتيت والتشرذم والتبعية والأحتكار داخل الصف التركماني. انعقد المؤتمر العام الأول للشعب التركماني في أربيل عاصمة اقليم كوردستان بتأريخ ١١-٢٠٠٨/٢/١٢.

حضر المؤتمر ممثلون عن الأحزاب والحركات السياسية الوطنية التركمانية والجمعيات الثقافية التركمانية، اضافة الى شخصيات سياسية ووجهاء من الشعب التركماني والشخصيات المستقلة ورجال الدين وممثلي منظمات المجتمع المدني التركماني.

بحث المؤتمر مجمل الوضع السياسي الراهن وهموم ومعاناة جميع اطياف ومكونات الشعب العراقي عامة، والتركماني على وجه الخصوص وما لاقاه في ظل مختلف عهود الأنظمة الشمولية، المركزية والديكتاتورية، وأستعرض سبل وأليات تفعيل وتعزيز دور الاحزاب وتوحيد الصف والخطاب السياسي الوطني التركماني.

تناول المؤتمر عدة محاور أساسية ولاسيما تطبيق المادة ١٤٠ من الدستور العراقي كضمانة حقيقية وضرورة ملحة لأستعادة الحقوق التركمانية ورفع الغبن اللاحق بالتركمان واعادة الوضع الطبيعي لمدينة كركوك التي تعرضت لابشع سياسات الترحيل والتبعيث والتعريب, ومصادرة الانتماء القومي لشعبنا.

لذلك وقف المؤتمر طويلا عند هذه المعضلة وطالب بالاجماع بالتصدي للقوى المشبوهة والمرتبطة بالاجندات الاقليمية التي تحاول باستمرار اجهاض وتعطيل هذه المادة الدستورية التي تشكل مفتاح الحل, وتعمل على ايجاد الشرخ في جدار التآخي المصيري بين مكونات الشعب الكوردستاني.

ودعى المؤتمرون الى ضرورة تشكيل المجلس الاستشاري التركماني ورفض كل التدخلات الاقليمية والدولية في الشأن التركماني الهادفة الى تدويل قضية كركوك, وتعزيز وتجذير اواصر التلاحم المصيري بين مكونات الشعب الكوردستاني.

كما وقرر المؤتمر تسريع وتائر العمل لايصال صوت الشعب التركماني الى كافة المحافل الداخلية والخارجية وتفعيل الحضور الاعلامي والثقافي التركماني في المنابر الاعلامية.

وتم تتويج المؤتمر بلقاء المؤتمرين مع رئيس اقليم كردستان السيد مسعود البارزاني والاستماع الى كلمته القيمة والتي اكد فيها على دعم ومساندة الشعب التركماني من اجل العيش جنبا الى جنب مع الشعب الكردي والدفاع عن حقوقهم كافة.

ووافق المؤتمرون مجتمعاً على تشكيل المجلس الاستشاري التركماني لمتابعة جميع القضايا المتعلقة بشؤون التركمان والتأكيد على ضرورة تطبيق مواد دستور العراق الفيدرالي الدائم والذي يحفظ للعراق اتحاده الحر شعبا وارضا وسيادة, والتمسك بدستورية المادة (١٤٠) والعمل من اجل الاسراع في تطبيقها.

**والله ولي التوفيق**

**اربيل ٢٠٠٨/٢/١٢**

# توصيــات
# المؤتمر العام الأول لتركمان العراق
# اربيل ٢٠٠٨/٢/١٢

١. دعم وتفعيل الدور الاعلامي والثقافي للتركمان.
٢. الاسراع في تطبيق وتنفيذ المادة (١٤٠) من قانون الدستور العراقي.
٣. الاهتمام الجاد بالتربية والتعليم التركماني.
٤. الاستحقاق الفعلي للتركمان في كافة مفاصل الدولة ومؤسساتها ومنها السلك الدبلوماسي.
٥. العمل الجاد من اجل تحسين وضع المراءة التركمانية.
٦. العمل من اجل تثبيت حقوق القومية التركمانية في دستور اقليم كردستان.
٧. العمل من اجل توضيح مكمن المصالح التركمانية الحقيقية بكل الوسائل.
٨. حماية الصورة الحقيقية للتركمان والحذر من التصريحات غير المسؤولة التي تطلقها بعض الجهات المحسوبة على التركمان.
٩. العمل من اجل رفع المستوى المعاشي للشعب التركماني وايجاد فرص عمل متكافئة لهم.
١٠. العمل من اجل تحسين وايجاد فرص الدراسة للطلبة التركمان في جامعات الاقليم والخارج.
١١. الاهتمام بعوائل الشهداء التركمان وتحسين وضعهم المعاشي بما يليق ومكانتهم الاجتماعية.
١٢. تشجيع ودعم القطاع الخاص التركماني والنهوض بالواقع الاقتصادي لابناء الشعب التركماني.
١٣. تشكيل ودعم منظمات المجتمع المدني المختلطة من ابناء القوميات المختلطة المتآخية والمتعايشة مع بعضها كالتركمان والكورد والعرب والكلد واشور والأرمن والصابئة تعزيزاً لأواصر الاخوة والمحبة بينهما.
١٤. العمل الجاد من اجل اعادة الاراضي التي سلبت غدرا من ابناء التركمان في زمن النظام البائد واعادتها الى اصحابها الشرعيين

# الاحزاب ومنظمات المجتمع المدني التركماني

**وشخصيات ووجهاء ورجال الدين والمستقلين من القومية التركمانية**
**الذين اشتركوا في المؤتمر العام الأول لتركمان العراق**

١. حزب الانقاذ التركماني.
٢. حزب الاخاء التركماني.
٣. حركة الاصلاح التركماني.
٤. حزب الشعب التركماني.
٥. الحركة الديمقراطية التركمانية.
٦. حزب الشروق التركماني.
٧. تركمان قرداشلق اوجاغي.
٨. الحزب الديمقراطي التركماني.
٩. الجمعية الليبرالية التركمانية.
١٠. حزب الاتحاد التركماني.
١١. الحزب الديمقراطي التركماني الكردستاني.
١٢. حزب الوفاء التركماني.
١٣. الجمعية الثقافية التركمانية.
١٤. جمعية بيرق للثقافة التركمانية.
١٥. الجبهة التركمانية العراقية/ القيادة الشرعية في تلعفر.
١٦. شخصيات ووجهاء ورجال الدين والمستقلين من القومية التركمانية.
١٧. التجمع التركماني المستقل.
١٨. حزب الوحدة التركماني _ كركوك
١٩. جمعية المصطفى للأغاثة الأنسانية
٢٠. جمعية النمر للتنمية و الثقافة التركمانية
٢١. ممثلون عن خانقين ومندلي وطوزخورماتو.
٢٢. ممثلون عن المجتمع المدني في كركوك وضواحيها.

# عەلی زەنگنە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان:

# ئەگەر ڕێژەی( ٣٢ ) بە( ٣٢ ) بۆ نەتەوەکان و ٤ یش بۆ ئاشوورییەکان جێبەجێ ببێ ئەوکات کورد ئەو سەنگەی جارانی نامێنێ



*** لە قۆناغی ئێستادا ماددەی (١٤٠) چۆن دەبینن وتێڕوانینتان بۆ ماددەکە چۆنە؟**

- کاتێک باسی پرسێکی سیاسیی دەکەیت، نابێت باسی دوێنێ و سبەیش نەکەیت، چونکە کێشەکە زادەی ئێستا نییە، بەڵکو پێشینەو ئایندەشی هەیە. من هەر لە سەرەتاوە دەمگوت ماددەی (١٤٠) لەم سەقفە زەمەنیەدا جێبەجێ ناکرێت، لە ڕاگەیاندنەکانی پێشووشمدا گوتوومە ناکرێ لە سەر مافی خۆت و زەوی خۆت ڕاپرسی نەکەیت، واتە کاتێک کورد بە ڕاپرسی کردنی خەڵکی کەرکووک قایل بوو، خۆی لە خۆیدا گومانێکی لە کوردستانی بوونی کەرکووک خولقاند،جا کاتێکیش چارەنووسی یەکلا کردنەوەی کەرکووک درایە دەست دەستوورە، ئەگەری جێبەجێ کردن و جێبەجێ نەکردنیشی تێدایە و مەرج نییە هەموو بڕگەو ماددەکانی دەستوور جێبەجێ بگریت. هەڵەیەکی دیکەی ئێمەش لەوەدا بوو کە بە سەقفێکی زەمەنی دیاری کرا.

لەلایەکی دیکەوە ئەم دەستوورەی ئێمە ناومان ناوە دەستووری هەمیشەیی عیراق،دەستوورێکی تەوافوقیەو هەرچەندیشە من کەسێکی یاساناس نیم بەڵام گەلێک کەلێنی و بۆشایی گەورە گەورە تێدایە و تەفسیرو لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێ.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزیشم بۆ ئەو کەسانەی دەستووریان داڕشتووە، بەڵام دەگەڕێمەوەو دەڵێم: دەستوور شپرزەییەکی پێوە دیارە و لە چەند ماددەیەکدا کاریگەری و پاڵە پەستۆی چەند لایەنێکی سیاسی گۆڕەپانی عیراقی پێوە دیارە.

لە مانەش سەیر تر ئەوەیە، کە زیاتر لە چەنجا ماددەی ئەم دەستوورە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو یاساو بڕیار هەیە، بەواتایەکی تر، ماددەکان حەددی و جیدی نین.

عەرەبی سوونەش، کە ڕەنگە لەکاتی ئامادە کردنی دەستوور و دەنگدان لە سەری لانێکی بێ هێزی گۆڕەپانە کە بوون، کەچی دەنگیان بۆ تێپەڕاندنی دەستوور نەدا، بەڵام ئەو لاوازییە هەتا سەر نییە و ئێستا دەبینین بەرە بەرە خۆیان ڕێکدەخەن و لایەنگریان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەکات و هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنی سیاسی دیکەدا دەبەستن وا دژی ئەو ماددانە دەوەستنەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەواندا ناگونجێ.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر لایەنی کوردیش، دەبینین هەر لە سەرەتاوە یەکدەنگ و یەکڕەنگ و یەکڕیز نە بووینە، کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی ئەم حزب لەگەڵ ئەو حزب و کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ئەملا لەگەڵ ئەولا و بەیاننامەی هاوبەش بەس نییە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم شەڕە دەستوورییە. کە لە ناوەڕۆکیشدا دێتە سەر پراکتیک، مەسەلەکە وانییە و تەنیا بۆ ئیعلامە. واتە

نەمانتوانی بەخێتابێکی یەکگرتوو لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆمان حیوار بکەین، نەخوازەڵا لەگەڵ کێبڕکێکارانمان...ئەم حیزبە دێت تەنیا هاوکاریی لایەنگرانی خۆی لە کەرکووک دەکات و ئەوانی دی زەقەی چاوی دێ،حیزبەکەی دیکەش دێت لایەنگرانی خۆی دەگرێت و بەشێوەیەک لە شێوەکان یارمەتیان دەدەن.

خۆ کەسانی بێلایەنیش لە شارەکەدا هەن و ئاوات ئامانجیان هەمان ئامانجە باڵاکەی کوردانە. بەم کارەش ئێمە بە دەستی خۆمان هاتین کوردی کەرکووکمان بەش بەش کرد و لە جیاتی بەرژەوندی باڵای میللەتەکەیان بۆ روون بکەنەوە، هاتن بەرژەوندی حیزبیان خستە پێش هەموو بەرژەوەندییەک.

خاڵێکی دیکەی گرنگ لەم مەسەلەیەدا نوێنەرانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی نوێنەران و حکوومەتە، کە بڕوا ناکەم هیچیان نوێنەری راستەقینەی میللەت بن، بەڵکو ئەوان هەڵبژێردراوی حیزبەکانن و حیزبەکان لە لیستی خۆیاندا فەرزیان کردووە. رەنگە لە لیستەکەدا ژمارەیەکی زۆر کەسی خەباتگێڕ و شارەزاو لیهاتووی تیدا بێت، بەڵام کەسانی وەهاشی تێدایە، کە بە تەزکیەی حزبەوە هاتووە وکەس دەنگی بۆ نەداوە، هەڵبەت ئەم حاڵەتەش کاریگەرییەکی خراپی لە سەر ئەدای پەرلەمان و حکومەتیشدا دەبێت.

مەبەستم لەم قسانەدا تەنیا لایەنی کوردی نییە، بەڵکو هەموو پێکهاتەکانی حکوومەت و پەرلەمانە... حکومەتێکیش کە خۆی خزاندبێتە ناوچەکی تەسکەوە، کە بە گرین زۆن ناسراوە و خۆی پێ نەپارێزرێ دەبێ چاوەڕوانی چی لێبکرێ؟ ئێمەش خۆ گلەییمان تەنیا لە جێبەجێ نەکردنی ماددەی (١٤٠) نییە، بەڵکو زۆربەی ماددەکان تاکو ئێستا نەخراونەتە واری جێبەجێ کردنەوە،پاشان دەوڵەتی عیراق سەرتاپای لە قەیرانێکی گەورە دا دەژیت...قەیرانی نەبوونی ئەمن و ئاسایش.. قەیرانی نەبوونی خزمەتگوزاری و تەنانەت قەیرانی نەبوونی سەروەریشی هەیە، جا کە داواکاریی ئاوو کارەباو خەزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و سەقامگیری باری ئەمنی وڵات بووە ئەولەویاتی خەڵکەکە، کەی دەپرژێنە باس کردنی بەندەکانی دەستووور؟!

بە داخەوە ئێمە لە رۆژگارێکدا دەژین، کە ئەگەر پرسیار لە هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە بەکەیت و بلێیت داوەکاریت جییە؟ پێتدەڵێ ئاو..کارەبا..ئەمن. قوتابخانە.. هەرزانی..بنکەی تەندروستیم دەوێ. عەدالەتی کۆمەڵایەتیم دەوێ. داوا دەکەم بێکاری نەهێڵن و ئەو هەموو خاوەن بڕوانایەی شەقامەکان دەپێون و تا ئێستا دانەمەزراون داوای دامەزراندن دەکەن!

ئەم حاڵەتەش لێکدابڕانێکی لە نێوان خەڵک و حزب و پەرلەمان و حکومەتیشدا دروست کردووە.

پرسیارێکی گرنگیش لەم نێوانەدا خۆی دەسەپێنێت، ئەویش ئەوە یە کە ئێمەی کورد دەبێ هاوپەیمانی لەگەڵ چ لایەنێکدا ببەستین و کێ لە هاوکێشە سیاسییەکانی عیراقدا سەنگین ترە؟

کورد، کە خاوەن ئەزموونێکی تا رادەیەک دیموکراسی هەیە، کاتێک هاوپەیمانی لەگەڵ ئێئتیلافی شیعە دا دەبەستێ، دوارۆژی ئەم هاوپەیمانیە روون نییە، چونکە ئەوان بە نەفەسی تۆڵە سەندنەوە هاتوونەتە سەر حوکم و ئەو پرسە گرنگانەی کورد بیری لێ دەکاتەوە، لەحیساباتی ئەواندا نییەو هاتوون تۆڵەی حەسەن و حوسێنیش لە بارو دۆخە کە بکەنەوە. جا کە ئێمەی کورد لەگەڵ شیعەدا هاوپەیمانیمان بەست، کەوتینە سەنگەری ئەوانەوە و سەنگەرمان لە چەند لایەنێکی دیکە گرت و سۆزی ئەوانیشمان لە دەست دا. وڵاتانی دراوسێی عیراقیش لە بنەڕەتدا لەگەڵ چارەسەر کردنی کێشەی کورد دا نەبوونە. واتەوڵاتانی وەکو سووریا، ئوردن، سعودیە وڵاتانی کەنداو وەکو کاردانەوەیەکی دژ بە خواستەکانی کوردو شیعە نواند، تەنیا ئێران نەبێت کە رەگ و ریشەی شیعەکانی هاوپەیمان لە ئێرانەوە، ئەویش بە هۆی بوونی کورد لە خاکەکەی،کاردانەوەی هەر سلبی بوو.

*** بەرای جەنابتان هاوپەیمانی کورد لەگەڵ شیعە دا دۆراندنێکی سیاسیی دیکە بوو؟**

- هەرچەندە من خۆم بە کەسێکی کەم شارەزا دادەنێم لە کاروباری مەرجەعیەت و حەوزەوە بەڵام لە فەلسەفەو بۆچوونی ئەواندا شتێک نییە ناوی مافی چارەی خۆنووس ودەوڵەتی مەرکەزی و فیدرالیەت بێت، بەڵکو ئەوان کۆمەڵێک بیروبۆچوونیان هەیە کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ مەرجەعیەت و بۆ ئایین و هەموو کێشەکانیان بە فتاوەیەکی مەرجەعێک چارەسەر دەکەن.

بۆیە من لەو بڕوایەدا نیم شیعەش بکەینە ناحەزی خۆمان، بەڵام کارێکی لەوە باشترمان بکردایە و لایەنە سوننەکەی عەرەبیشمان

بگرتایە و هاوسەنگییەکمان لەو نێوانەدا بپاراستایە.

ئێمە لە کەرکووک دەژین، کەرکووکیش شارێکی فرە نەتەوەو فرەئاینینە،کەلە رووی نەتەوایەتیەوە سێ نەتەوەی سەرەکی تێدا دەژێت (کورد، عەرەب، تورکمان )، من لێرە دا بەو شێوەیە قسە ناکەم کە کام نەتەوە پێش کام نەتەوە بێت، یاخود کام نەتەوە لە نەتەوەکانی دیکە رێژەی زیاترە، واتە نەتەوە، نەتەوەیە، کلتووری تورکمان لەم شارەدا دیارە و حزووری هەیە لە شەقام و دەزگاکاندا و کلتووری ئەوان کاریگەری بە سەر کلتووری ئێمەدا هەبووەو لە هونەرو گۆرانی و مۆسیقاشدا رەنگی داوەتەوە، بەنیسبەت عەرەبیشەوە هەمان شتە. ئەمە سەرباری ئەو پەیوەندییە کۆمەلایەتییە توندو پتەوەی نێوان نەتەوەکانی شارەکەو تێکەڵ بوون و ژن و ژنخوازیی نێوانیان و شەراکەت و بازرگانی لە بازارەکاندا. لەگەڵ رێزو حورمەتیشم بۆ کلدان و ئاشووری و سائبەکانیش.

سەدام حوسێن بە هەموو هێزو توانایەی خۆیەوە بە پەیرەو کردنی ئەو هەموو سیاسەتە چەوتەی تەعریب کردن وراگواستن و گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە، نەیتوانی کورد لە ناوبەرێت. کەواتە تورکمان هەن، عەرەب هەن چۆن کوردیش هەن، بەلام بە تەقدیری من نەمانتوانی بە زمانێکی ئەوتۆ لەگەڵ دوو نەتەوە سەرەکیەکەی کەرکوک گفتوگۆ بکەین، کە لێمان حالی ببن و کاتێکیش دروشمی شاری برایەتی و ئاشتی و تەبایی بەرز دەکەینەوە، دەبوایە لە سەرودا برا تورکمان و عەرەبەکانی ئەم شارەمان بەشدار بکردایە لە ئیدارەی فەرمانگەکان و نوێنەرایەتییان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و هیچ لایەنێکمان لە خۆمان نەڕەنجاندایە. بەشدارمان بکردنایە لە پرۆسەی سیاسیدا، چونکە غیابی ئەوان مانای ئەوەیە، کە ئێمە خۆمان خزاندە گۆشەی دژایەتی کردنی ئەوانەوە، با بەشداربن.. با رای جیاوازیان هەبێت ...با سیاسەتی لەگەڵ سیاسەتی ئێمەدا یەکنەگرێتەوە، خۆ نابێ دووریان بخەینەوە!

چونکە بەم کارەمان دوو نەتەوەی سەرەکیی کەرکووکمان کردە هاوپەیمانی یەکتری لە دژی خۆمان

ئێمەی کورد لەم شارەدا هەردوو کێشەی خەڵک و خاکمان هەیە و دەبوایە کێشەی خاکمان پێش کێشەی خەڵک بخستایە و خاکە دابڕاوەکانمان بخستایەتەوە سەر کوردستان و وازمان لە خەڵکەکە بهێنایە. واتە ئێمە کە خاکە زەوتکراوەکەمان گەڕاندەوە، ئەوسا کێ لە سەر ئەم خاکە دادەنیشێ، با دانیشێ. ئەمە کێشە بنەڕەتییەکەمانە،بەلام بەداخەوە ئێمە بایەخی زیاترمان بەخەڵکەکە دا و گەڕانەوەی ئاوارەکان وەرگێڕانەوەی هاوردەکانمان کردە بابەتێکی بنەڕەتی دەبووایە پەنابەرەکانی ئەورپا بکەینە دەرسێک بۆ خۆمان کە سەدان هەزار پەنابەر لە ئەوروبا لە سەر خاکی ولاتە ئەوروپییەکان دەژین و حکوومەت نە دەریان دەکات و نە رەگەز نامەشیان دەداتێ، چونکە کێشەکەیان ئەوەندە قورسە بەو هەموو توانایانەوە ناتوانن رێگە چارەیەکی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە چجای بابایەکی بێ دەسەلاتی وەکو ئێمە، کە هاتین و هەموو کات و توانایەکمان بۆ گەڕاندنەوەی هاوردەکان خستە گەڕو تاکو ئێستا کێشەکە هەر بەردەوامە و چاوەڕوانیش ناکرێت بەم زووانە چارەسەر بکرێت. خۆ ئەوان پەنابەریش نین ولاتی خۆیانەو ناشکرێ تۆ لاسایی جەلادێکی وەکو سەدام بکەیتەوە چۆن کوردەکانی دەربەدەر دەکرد، ئاواش ئێمە ئەو هاوردانە دەر بە دەر بکەین! ئێمە لە سەردەمی تەسامووحدا دەژین ولافی دیموکراسی لێدەدەین وبڕوامان بە مافەکانی مرۆڤ هەیە وخۆمان قوربانیی دەستی ئەو دەسەلاتە بێ بەزەییە بووین، ناکرێ ئەوانیش بە دەردی خۆمان بەرین. واتە سیاسەتێکی حەکیمانەمان بۆ ئەو بارودۆخە نەبوو، هەندێ لەو عەرەب و تەنانەت ئاوارەکانی خۆشمان لە خۆمان رەنجاندو نەمانتوانی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوەرکان بگەڕێنینەوە شارەکە وئەوەی گەڕاشنەوە، هێندێکیان کە بینییان وەزعیان رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو خراپتر دەچێت، گەڕانەوە شوێنەکەی خۆیان و ئاوارەییان پێ باشتر بوو لە وەزعی نێو شاری کەرکووک.

لەلایەکی دیکەشەوە،ئێمەی بەرپرسان(هێندێکمان ) نالێم هەموومان نەمانتوانی بە پێی پێویست لە ئاستی مەسئولیەتدا بین و تێکەڵی خەڵکەکە ببین وبزانیین مەینەتی ئەم خەڵکە چی یەو چۆن چارەسەری دەکرێت،ئەمەش بۆشاییەکی گەورەی لەنێوان کۆمەلانی خەڵک و بەرپرساندا دروست کرد و ئەو پەیوەندییە رووحیەی نێوان کاربەدەستان و هاوولاتیان رووی لە کزی ولاوازی کرد و کێشەکەشمان لە کێشەیەکی نەتەوایەتیەوە بەرەو کێشەیەکی

چینایەتی هەنگاوی نا...کاتێکیش هاوولاتی دەبینێ دراوسێکەی بە هۆی پشتگیرییەکی حزبێکەوە دادەمەزرێ وهەموو جۆرە هاوکارییەک دەکرێ و ئیمتیازاتی هەیە، بەلام بۆ ئەو نە دامەزراندن ونە ئیمتیازات هەیە، ئەوکات هەست بە ئەوپەڕی نائومێدی دەکات و پەشیمان دەبێتەوە لە هاتنەوە بۆ کەرکووک، ئەمە سەرباری باری نا سەقامگیری شارەکەو تەقینەوە و رفاندن و تیرۆرکردنیش.

نەکبەتیەکی دیکەی کورد لەم شارەدا ئەوە، کە سی پەروەردەمان هەبوو یەکێکیان هی پارتی و ئەوی تریان هی یەکێتی، پەروەردەی مەرکەزیش هەبوو ئاسایشی پارتی و ئاسایشی یەکێتی و چەندین شتی دیکەش کە بەڵکەی دوو لەتبوونی حزبە کوردستانییەکانە. بەلام واماوەیەکە خۆشبەختانە پەروەردەکان یەکیان گرتەوەو هەر دوو پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوونە یەک و هیوادارم لەم چەند مانگەی داهاتوودا ئەم دوو لەتیە چارەسەر بکرێ. کە ئازاری تەنیا کوردی شارەکەی نەدادا، بەڵکو عەرەب و تورکمانە کەشی زەرەرمەند بوون لەم دیاردەیە.

جا بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر کرۆکی برسیارەکەی پێشوو، دەڵێم: تێروانینم بۆ ماددەی (١٤٠) ئەوەیە خەریکە لە دەست دەردەچێ و دەدرێتە دەست (un)،کە بە بڕوای من نەک هەر کورد بەڵکو هەموو نەتەوەکانی شارەکە زەرەر مەند دەبن و بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا چارەسەر دەکرێت، واتە کەرکووک نە بە دەست کوردەوەیە نە بە دەست عەرەب و نە بە دەست تورکمانەوەیە، بەڵکو بە دەست ئەمەریکاوەیە! (un) یش دەیان کێشەی جیهانیی وەکو فەلەستین و لوبنان و سودان و زۆری تریش هەروا بە هەڵبە سێردراوی ماوەنەتەوە ویەکلایی نەبوونەتەوە، کە رەنگە کێشەی کەرکووکیش بێتە ریزی ئەم کێشانەو بەم زووانە یەکلایی نەکرێتەوە. ئەگەر یەکلاییش بکرێتەوە،نە بە گوێرەی دڵی کورد ونە بە گوێرەی دڵی عەرەب و تورکمان یەکلایی نابێتەوە، بەڵکو بەرژەوەندیی ئەمەریکا دەخرێتەوە بەرچاوو بە گوێرەی بەرژەوەندی ئەمەریکا چارەسەر دەکرێت، بۆیە من بە پێویستی دەزانم کە هەر سێ نەتەوە سەرەکیەکەی شارەکە حەکیمانە لە کێشەکە بڕوانن و نەهێڵن لە دەست دەربچێ.

*** ئەو ماوەیەی نێوان (٥٨) ی دەستووری کاتیی عیراق و (١٤٠) ی دەستووری هەمیشەیی کەم نەبوو، بەلام کێشەکە چارەسەر نەکرا، بە بڕوای ئێوە ئەو شەش مانگەی دراوەتە دەم ماوەی جێبەجێ کردنی ماددەکە بەسە بۆ جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ماددەکە؟**

- من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی لە دڵەوە حەز دەکەم لەم ماوەیەدا جێبەجێ بکرێت و حزبەکەشم هاورای هەموو حزبە کوردستانیەکانە، بۆ زانینی ئێوە و خوێنەرانیش

دەڵێم: سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) یش هەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیە، واتە ئەرکی منە کە هیچ نەبێ لە بەر هاورێیەتی وحزبایەتیەوە هەوڵ بدەم بۆ جێبەجێ کردنی ماددەکە، بەلام بە تەئکید دڵنیام ئەو شەش مانگەش کە دراوەتە دەم ماوەی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) بەشی جێبەجێ کردنی ناکات، چونکە ماوەکە زۆر کەمە و بەو میکانیزمە کۆنەش هەرگیز ناکرێ ورەنگە لەم نزیکانە یاسای پارێزگاکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران پەسند بکرێت، کە هێشتا چارەنووسی کەرکووک یەکلایی نەکراوەتەوە. دڵنیاشم لە هەر هەڵبژاردنێکی دیکەی ئەم شارەدا،کورد رێژەی جارانی پێشوو ناهێنێتەوە و ئەگەر رێژەی( ٣٢ ) بە( ٣٢ ) بۆ نەتەوەکان و ٤ یش بۆ ئاشوورییەکان جێبەجێ ببێ ئەوکات کورد ئەو سەنگەی جارانی نامێنێ و بارودۆخەکەش لە گۆڕانی بەردەوامدایە و هاوپەیمانی لایەنەکانی غەیرە کورد رۆژ بە رۆژ لە بە هێز بووندایە و جەبهەی تورکمانیش لە هەوڵ و تەقەلایەکی زور دایە بۆ کۆ کردنەوەی دژە رای جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) و لەم رۆژانەشدا سەردانی وڵاتانی کەنداو دەکەن و رای ئەوانیش لە چوارچێوەی بۆچوونەکانی خۆیاند جەمسەرگیردەکەن وله بەریتانیا خەریکن لۆبیەکی تورکمانی بەهێز پێکدێنن.

مەبەستم لەم قسانەم ئەوەیە، کە ئێمە نابێ بە دیدێکی کوردانەی پەتیەوە لە هەولێرو سلێمانیە وە بڕوانینە کەرکووک، بەڵکو دەبێ بە دیدێکی کەرکووکیانە لە شارەکە بڕوانین و برایانی عەرەب و تورکمانی شارەکەش حالی بکەین کە قەدەر وای لە ئێمە کردبێ لەم شارەدا بە هاوبەشی بژین ئەو پێکەوە ژیانەش هەر دەبێ بەردەوام بێت و پەرەی پێ بدەین. ئەمەیە ناوەڕۆکی مەسەلەکە، مەسەلەکە لەوە دا نییە کێ کەرکووک بباتە رێوە، کەرکووک دەبێ بە خەڵکی کەرکووک، بە کوردو عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشوور ببردرێتە رێوە ولە سەر بنچینەی

ئاشتی و تەبایی و پێکەوە ژیان شارەکە جوانتر بکەین.
ئەگەر لەسەر حیسابی دهۆک و هەولێر و سلێمانیش بێت، دەبێ ئەم ماوەیە زۆرترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە خەڵکانی ئەم شارە بکەین،بەرادەیەک کە خەڵکەکە بەغەیرە کوردیشەوە، ئاواتە خوازبێت کەرکووک بگەڕێتەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان، ئیدارەکەشی بە هاوبەشی بێت و خەڵکانی شایستە لە جێگەی بەرپرسیاریدا دابنرێ نەک بە تەزکیەی ئەم حزب و ئەو حزب.
کێشەی کەرکووک کێشەی مەکتەب سیاسی دوو حیزب نیە، کێشەی مەکتەب سیاسی هیچ حزبێکی کوردستانی نییە، ئەم کێشەیە، کێشەی نەتەوەی کوردە،بۆیە دەبێ هەموو حزبەکان و هەموو ئەوکەسە سەربە خۆیانەی شارەزایی و پسپۆڕییان هەیەو لێهاتوون و خاوەن بڕوانامەن و تواناو چالاکیی زۆریان هەیە، کۆیان بکەینەوە ولە شوێنی شیاویان دابنێین.ئەگینا ئەم کێشە گەورەیە، نە بە رێککەوتنی ستراتیژی ونە بە کۆبوونەوەی هاوبەشی دوو حزب کێشەکە چارە سەر نابێت.

*** لەگەڵ تەواو بوونی وادەی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) هەندێ لایەنی نێو ئەنجوومەنی نوێنەران بە ئیئتیلافی شیعە شەوە، لەو بڕوایە دان، کە ماددەکە شەرعیەتی نەماوەو پێویست ناکات لێژنەکە درێژە بە کارەکانی خۆی بدات. لەم بارەیە چی دەڵێن؟**

- سەبارەت بە شەرعیەت و نا شەرعیەتی ماددەی (١٤٠) دەڵێم: هەموو دەسەلاتی عیراق، بەحکومەت و پرلەمانیشەوە،تۆ بڵێی دەسەلاتێکی شەرعی بن؟
تۆ بڵێی قسەی هەندێ لە پەرلەمانتاری عیراق راست بێت، کە دەڵێن ئێمە بە هەق و بە دەنگی میللەت هاتووینەتە ئێرە و بە هەقیقەت نوێنەرانی خەڵکین؟
من هەر خۆم وەڵام دەدەمەوەو دەڵێم: هەموو ئەو پەرلەمانتارانەی بەسرە و ناسریە و عیمارە و هەموو پارێزگاکانی باشوور، بە فەتوای مەرجەعیەت هاتوون ئەوانەی باسی شەرعیەت و نا شەرعیەتی ماددەکە دەکەن، با بگەڕێنەوە بۆ دەستوور،کە لە بنەڕەتدا دەڵێم: دەستوورەکە شەرعی نییە و هەتا کرا تەزویری تێدا کرا وگەورە ترین تەزویر لە کاتی دەنگداندا کرا.. دەپرسم ! کام حزب لەو حزبانەی بەشداری پەرلەمان و حکومەتن دەتوانن رێژەی راستەقینەی دەنگدەرانیان بزانن، کەسیش ناتوانێ رێژەی دەنگدەران بە دەستوور چەندە هەر ژمارەیەکی تا ئێستا باس کرابێ هەقیقەت نییەو تەزوویرە! کەی ئێمە ئەو تەکنەلۆژیایەمان لەژێر دەستدایە تا بزانین ئەم حزبە ئەوەندە کەسایەتیەی هەیە،بۆیە من ئەم مەوزووعە بە مەوزووعی شەرعیەت و نا شەرعیەتی ماددەکە دەبەستمەوەو دەڵێم: ئەگەر ئەوان گومانیان لە شەرعیەتی ماددەکە هەیە، من گومانم لە سەرتاپای دەستوورە!
برادەرانی سوننەش ئێستا کە خەریکی چەند ماددەیەکی ئەم دەستوورەن و دەیانەوە لە بنەڕەتەوە هەڵیبوەشێننەوە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەوان ئەم چەند برگەیەی دەستووریان بە دڵ نییە ودەبێ هەڵبوەشێتەوە، بۆچی کورد رازییە بەم ئالایەی کە دەستکاری کراوە؟ بەڵام چونکە لە سەرەتای پرۆسەی سیاسی عیراقدا شتەکان هەر بە تەوافوق و رێککەوتن هاتووە و دەبێ هەرواش بڕوات.
حاڵی حازر عیراق خاوەن سەروەریی خۆی نییە وهەموو کاروبارەکانی بەدەست ئەمریکاوەیە و ئەفسەرێکی ئەمریکی هەموو شتێکی پێ دەکرێ وکەس ناتوانێ رێگەی لێ بگرێ، کەواتە ئەوانەی گومانیان لە شەرعیەتی ماددەکەیە، پێویستە بگەڕێنەوە هوش خۆیان وداوای گۆڕینی ماددەیەکی دیاری کراوی دەستوور نەکەن، چونکە ئەسڵەن سیستەمی گشتی عیراق پێویستی بە گۆڕان هەیە.
لە ماددەیەکی دەستووردا دەڵێ: عیراق وڵاتێکی ئیسلامیەو نابێ هیچ یاسایەک دەربکرێ کە دژی شەریعەت و ئاینی ئیسلام بێت، کەچی لە جێگەیەکی دیکە دا دەڵێ، عیراق وڵاتێکی دیموکراتییە و نابێ هیچ یاسایەک دەربکرێ کە لەگەڵ پرۆسەی دیموکراتیدا نەگونجێ.. واتە تێکەلیەک لە دەستووریشدا هەیە و نازانرێ ئەو یاسایانە چین کە دژی ئاینی ئیسلامن و ئەو یاسایانەش کامانەن کە دژی پرۆسەی دیموکراتیە لە وڵاتدا. هەموو شتەکان ئیجتهاداتی تێدایە و شتێک نییە لە چوارچێوەی یاسایەکی رێکوپێکدا داڕێژرابێت.
تاکو ئێستا عیراق لە سەروەریەکەیدا کەموکوڕی هەیە و سەروەریی تەواوی خۆی نییە، دەبا هەموو ئەو کەسانەی باس لە شەرعیەتی ماددەی (١٤٠) دەکەن با سەروەریی تەواوی عیراق بەدەست بێنن و لە جیاتی ئەوەی داوای گۆڕینی ماددەی(١٤٠) دەکەن با داوای سەرتاپای سیستەمی سیاسی و بەڕێوە بردنی عیراق بکەن.
نەک هەر لە عیراق، ئێستا ئاراستەیەک لە کوردستانیشدا

هەیە وداوای گۆڕینی سیستەمی پەرلەمان حکومەتی کوردستان دەکات و حکومەتی هەرێمی کوردستان (٤٢) وەزیری هەیە وخەریکە ئەم ژمارە زۆرە کەم دەکرێتەوە و گۆڕانکاری بەسەر وەزارەتەکاندا دێت.

جا ئەگەر ئەوان ڕێگە بە خۆیان بدەن و بە ئارەزووی خۆیان گومان لە ماددەیەکی دەستوور بکەن،ئەوا منیش بەوپەڕی ئازادییەوە گومان لە (١٠) ماددەی دەستووری دەکەم و دەڵێم نا شەرعیە و پێویستە بگۆڕ درێ.

*** ئەی خوێندنەوەت بۆ هاتنی نوێنەرەکەی ( un) بۆ شاری کەرکووک و کۆبونەوەیان لەگەڵ پێکهاتەکانی شارەکە چییە؟**

– هەر وەکو لە پێشەوەش باسم کرد، خەریکە کێشەی کەرکووک، لە کێشەیەکی ناوخۆییەوە و بەرەو کێشەیەکی نێودەوڵەتی دەچێت. هەر کێشە یەکیش بووە کێشەیەکی نێودەوڵەتی سەرەنجام لە بەرژەوەندیی هیچ لە پێکهاتەکانی ئەم شارەدا نابێت. ئەوسا کورد سەرباری ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی لە مێژوودا لێی کراوە، وەکو عەربێک تەماشای کێشەکەی دەکرێت، کەس نابێتە بریاردەر، بەڵکو دەبێتە فاکتەرێک لە هاوکێشەکە. زەرەرمەندی سەرەکیش لەم بە نێو دەوڵەتی بوونەی کێشەکە، هەر کوردە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوەو دەڵێم، نەدەبووایە لێبگەڕێین چارەنووسی شارەکەمان بکەوێتە دەست (un) وە،چونکە لە (٢٠٠٣) سەد دەر سەد خۆمان حاکم بووین، بەڵام بەرە بەرە بەهۆی ململانێی حیزبایەتیەوە دەیان پۆستی ئیداریمان لە دەست چوو،ئەم حاڵەتەی ئێستاش هەر باجی ئەم ململانێیەیە.

هاتنی جەنابی سەرۆک کۆمار بۆ کەرکووک و چاوپێکەوتنی لایەنەکانی کەرکووک، کارێکی گەورەو پیرۆز بوو، بەڵام نەدەکرا ئەم هاتنە پێش دوو ساڵ یان سێ ساڵ بووایە؟ یان ناکرێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانیی کەرکووک بکات؟ دواکەوتنی ئەم هاتنانە کۆمەڵێک شتیش لەگەڵ خۆیدا دوا دەخات. ئەمەش هەر وەکو ئەوەدایە، کە لە پیریدا هەندێ شت هەبوون دەبوایە لە گەنجی بتکردایە، بەڵام نەتکردووەو ئێستا دەیکەیت، کردنەکە شتێکی باشە، بەڵام حەتمەن ئەگەر لە سات و کاتی دیاریکراوی خۆیدا بووایە باشتر بوو. لایەنێکی تری کێشەکە ئەوەیە، کە ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین مردووەکان حوکمان دەکەن،مەبەستم لە وەدا ئەوەیە، کە بڵێم سەدان ساڵای پێش ئێستا دەستەی زانایانی سوونە یان فلان مەرجەع، فلانە فەتوای داوەو ئێستا ئێمە دەبێ لەسەری برۆین،ئەمە شتێکی خراپە و دەوڵەت بەم شێوەیە بەرێوە ناچێت. کۆمەڵانی خەڵک بە عەقلیەتی مردوو نابرێتە رێوە، بەڵکو دەبێ بە زانیاری مەعریفەتی سەردەمیانە بەرێوە بچن. وڵاتێکی وێرانەی وەکو عیراق بە شیوەن و ڕۆڕۆ ئاوەدان و بنیاد نانرێتەوە، بەڵکو بە کاروکردەوە و پرۆژەی گرنگ ئاوەدان دەبێتەوە، ئەسڵەن دەبوایە حکومەتی عیراق لە جیاتی ئەوەی پشووە رەسمیەکانی کەم بکاتەوە، کەچی پشووەکانیان زیاتر کردووە، کە دبوایە ساتەکانی کارکردنیان زیاد بکردایە وشەومان بخستایە سەر رۆژ و کارمان بکردایە. خەڵکەکەش ئەوەندە هوشیار نییە رەخنە بگرێت. جا بەم حاڵە ئینتیما چۆن دروست دەبێ بۆ خاک و نیشتمان و بۆ ئاوەدان کردنەوە. پێش ئەوەی وڵاتیش بنیاد بنێینەوە پێویستە سەر لە نوێ ئینسانەکان بنیاد بنرێنەوە، چونکە ئێمە ئینسانەکانمان تێک و پێک شکاون وپێویستیان بە سەرلە نوێ بنیاد نانەوە هەیە. ئەمە لە لایەک لە لایەکی دیکەوە بە پێی ریپۆرتاژێکی bbc دەرکەوتووە بڕوانامەی پەیمانگەو زانکۆکانی عێراق لە رووی ناوەڕۆک و ئاستی زانستییەوە زۆر بێ نرخە، واتە گەندەڵی گەیشتوتە بڕوانامەی دکتۆرا و ماستەرنامەکانیش، جا ئەگەر حاڵ بەم شێوەیە بێت، پێویستە لە سەرمان لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەست پێبکەین و ئاستی زانستی و پەروەردەیی وڵات بەرزبکەینەوە،تا وڵات ئاوەدان بێتەوە.

***تەرحێکی دیکەش لە ئارادایە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کەرکووک، ئەویش ئەوەیە کە کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی سەر بەخۆ، کە جگە لە جەبهەی تورکمانی، چەند ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانی شیعەش لەگەڵیدان و تەئیدی دەکەن. جەنابتان لەم رووەوە چی دەڵێن؟**

– ئێمە وەکو کورد بانێ هەموو شتێکمان پێ رفز بێ، بەڵکو دەبێ قبووڵی بکەین و لە لایەن کەسانی پسپۆرو شارەزاوە لێکدانەوەی فراوانی بۆ بکرێ. ئەوانی دەستووری عیراق و پەرلەمانی کوردستانیشیان دارشت هەڵبەتە کەسانی شارەزاو پسپۆڕبوونە لە بووارەکە، جا بۆیە دەڵێم: ئەو کەسانەشی کە داوای هەرێمێکی سەر بەخۆ بۆ کەرکووک دەکەن، دەبێ بەرنامە و پرۆژە بڕیارێکی

ماقووڵیان لەم بارەیەوە هەبێت وئیعلانی بکەن. نەک وەکو ئەو فیدرالیەی ئێمە باسی لێوە دەکەین ! لە بیرمە لە ساڵانی (٩٠) لە شاخ بووین باسی فیدرالیەتمان بۆ کوردستان دەکرد، وەکو حزبی شیوعی وهەندێکیسیش داوای ئۆتۆنۆمی راستەقینە و هەندێکی دیکەش باسی مافی جارەی خۆنووسین دەکرد، بەهەقیقەتیش کەم کەسمان هەبوو کە بەتەواوی ئەم داواکاریانە شرۆڤە بکەین وخەڵکانی خۆمان حاڵی بکەین. تاکو ئێستاش رێژەیەکی زۆری خەڵکانی کوردستان، فیدرالیەتی تەنیا وەکو دروشمێک بەرزکردۆتەوەو نازانێ مانای فیدرالیش چی یە؟!

ئەترسم ئەوانیش هەر وەکو ئوسایی ئێمە هەر دروشم بێت وخوشیان نەزانن داوای چی دەکەن، ئەسڵەن من نازانم ئەوانە کێن کە داوای هەرێمێکی سەر بە خۆ بۆ کەرکووک دەکەن، بابێن دانیشن، پرۆژەکەی خۆیان پێشکەش بکەن و شتەکان روون و شی بکەنەوەو یاساکان رێکخەنەوە. من پێم باشە دانیشین و گفتوگۆی تێرو تەسەلیش لە سەر ئەم پرۆژەیە بکەین،چونکە دوور نیە، پرۆژەکەیان قازانجی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کەرکووک هەبێت، ئەم شتە لە هەموو دنیادا هەیەو ئەو وڵاتە پێشکەوتووانەی جیهان چەند پرسی لەم جۆرەی تێدا تەرح کراوە و بە ئەنجامیش گەیشتوون، بەڵام بە گفتو گۆ و دیالۆگ و دانوستان، نەک هەر بە دروشم و بۆ دەژایەتی کردنی لایەنێکی دیاری کراوی پێکهاتەیەکی ئەم شارە. بابێن دانیشین وبزانین ئەوان چییان دەوێ؟ دوور نییە ئەم داواکارییەی ئەوان لە سەر ئەساسی ئەوە نییە، کە کەرکووک شارێکی دەوڵەمەندی بڕخێروبەرەکەتە و پێشنیار دەکەن بەشێک لەم خێروبەرەکەتە بدرێتە مەرکەزو ئەوی دیکەی لە پێناو خزمەت کردن و ئاوەدان کردنەوەی شار بەکار بهێنرێ. بە هەقیقەتیش کەرکووک شایستەی ئەوەیە کە رێژەیەکی زۆری داهاتی خۆی بۆ خۆی بێت.

وەزعی کەرکووکیش رەنگە تەحەمولی ئەم چۆرە تەرحانە بکات و خەڵکانێکی زۆریش قسەو باس و بابەتیان لە سەر بڵاوکردۆتەوە،تەنانەت خەڵکی بیانیش لە سەر ئەم شتەیان نووسیووەو رای خۆیان دەربڕیوە. بۆیە دەڵێم ناکرێ هەر لە ئەساسەوە رەفزی ئەم تەرحە سیاسیەکە بکەین و پێویستە لەگەڵیان دانیشین ولێیان بپرسین لەم پرۆژەیەدا پێگەی کورد چی دەبێ و دەکەوێتە کوێی هاوکێشە کەوە و داهات و دەستکەوتی چۆن وچەند دەبێت و رۆڵمان لە بەڕێوەبردنی شارەکە چی دەبێت؟ هەروەها لێشیان بپرسین،کە ئایابەشێک لەو داهاتەی کە دەچێتە بەغدا ئەی بەشی کوردستان چی دەبێ لە داهاتی کەرکووک؟

سیاسەتیش هەر بەم شێوەیە هاتووە و هەموو گۆڕانکارییەک بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە،ئێمە لە قۆناغی (١٤٠) دا کە جێبەجێ نەکرا، خۆ دەبێ ئەلتەرناتیڤێکمان هەبێت؟

کێشەی کوردیش کە لە زۆر رووەوە لە کێشەی فەلەستین دەچێت. کاتی خۆی عەرەبەکان دەیانگوت دەبێ جولەکە لە ناو بچێت و هەموویان دەخەینە دەریاوە، کە چی وا نەبوو و ئەوەیان پێ نەکرا، پاشان قودیسشیان لە دەست چوو، ئێستا خەریکە کەرتی غەزەشیان لە دەست بچێ کە بۆتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان فەتح و جیهادی ئیسلامی. سەرکردە کوردەکانی ئێمەش لەسەرەتا دا دەیانگوت ئەگەر ماددەی(١٤٠) جێبەجێ نەکرێ،واوا دەکەین و هەڕەشەو گوڕەشەیان دەکرد،کە لەبنەڕتدا ئەم قسانە نە دەبووایە بکرێت،چونکە هەڕەشەو گوڕەشە و توندو تیژی سیفەتی سیاسەتمدار نییە و خەڵکانێکی زۆریشمان لە خۆمان رەنجاند. دەشبوایە خەیارێکی ترمان لە بەردەم خۆمان دابنایە لە حاڵەتی جێبەجێ نەکردنی مادەکە،جا کە ئێمە بەدیلێکی ترمان نەبێت، خەڵکانی دیکە هەن پرۆژەی بەدیلی (١٤٠) یان هەبێت وئێستا بە گونجاترین قۆناغ دەزانن کە تەرحی پرۆژەکەی خۆیان بکەن، ناشبێ بە بێ ئەوەی لە ناوە رۆکی پرۆژەکە حاڵی نەبێن، یەکسەر رەفزی بکەینەوە وبە هیچ نەگەین. ئێمە دەمانگوت کەرکووک دڵ و قودسی کوردستان، کام دڵە و کام قودسە؟ ئەو دڵەی نەخۆشە و وا لە ئینعاشە؟ یان ئەو قودسەی داگیرکراوە. ئەوتانێ وادەی (١٤٠) تەواو بوو و (٦) مانگی دیکەش درایە دەم وهیچ لەو بڕوایەشدا نیم لەم ماوەیەشدا جێبەجێ بکرێ، بۆیە دەڵێم هەتا زووە با پرۆژەیەکی بەدیلی (١٤٠) ئامادە بکەین و دڵی خۆمان بەوە خۆش نەکەین، کە (١٤٠) ماددەیەکی دەستوورییەو هەر دەبێ جێبەجێ بکرێ؟ کوانێ چ ماددەیەکی ئەم دەستوورە جێبەجێ کراوە هەتا (١٤٠) جێبەجێ بکرێت؟ عێراق داگیر کراوە و سیادەی خۆی لە دەستداوە، لە وڵاتێکی نا سیادی دەستوور چ سەنگێکی دەبێت؟



عەلی مهدی
جەبهەی تورکمانی

# چاومان بە عەبدوڵڵا گول سەرۆک گۆماری تورکیا کەوت بۆ باس کردن لە سەر مەسەلەی کەرکووک و هەرێمێکی فیدراڵ بۆ کەرکووک

*** چوونتان بۆ تورکیا باسی کەرکووک و ماددەی (١٤٠) تان کرد؟**

– بەڵێ لە سەردانەکەمان بۆ تورکیا کە لە سەر داوای خۆمان بوو چاومان بە بەرپرسانی ئەو وڵاتە بە تایبەتی عەبدوڵڵا گول سەرۆک گۆماری تورکیا بۆ باس کردن لە سەر مەسەلەی کەرکووک و هەرێمێکی فیدراڵ بوو بۆ کەرکووک.

*** چ شتێکی تازە لە سیاسەتەکانی جەبهە دا هەیە یان گەڕانەوەتان لە تورکیا؟**

– هیچ گۆرانکارییەک لە سیاسەتی جەبهەی تورکمانیدا نییەو هەر کاتێ داخوازییەکانمان بە دیهات، ئەو کاتە بڕیاری گەڕانەوەمان بۆ ناو ئەنجوومەن دەدەین.

*** پێشنیاری هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ کەرکووک؟ بۆچی ئەوە نییە برا تورکمانەکانی هەولێر لە حاڵەتێکی زۆر باشدان، بۆچی ئێوە حەز بە نەچوونە سەر هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

– دەڵێ ئەوانەی لە هەولێر دەژین لە حاڵەتێکی باشدا ژیان بە سەر دەبەن ئەوانیش کێشەو سکاڵایان زۆرە، لەوەش سیاسەتی دەست بە سەرا گرتنی فیکرو هۆش پەیڕەو دەکرێت.

سیاسەتی پاکتاوی نەژادی، سیاسەتی تواندنەوە، هەموو ئەمانە دژ بە میللەتی تورکمان لە هەولێر و ناوچەکانی دیکە پەیڕەو دەکرێت

*** پێت وایە لە ماوەی ئەو (٦) مانگەی دراوەتە دەم ماوەی جێبەجێ کردنی ماددەکە بەس بێت و وەک ماددەیەکی دەستووری جێبەجێ بکرێت؟**

– دانە دەمی ماوەیەکی دیکە، دەسەڵات (UN) نییە و بۆ شیان نییە پێشنیاری لەو چۆرە بکەن، دواتر هەر ماددەیەکی دەستووری کە لە وادەی خۆی بەسەر دەچێت، کۆتایی پێدێت و دەبێ لە ڕێگەی پەرلەمان و (٣/٤ ) ی ئەندامانی پەرلەمان دەنگ بۆ ئەوە بدەن.

*** چیتان لە هاتنەکەی (UN) خوێندەوە؟**

– باسمان لە نەهامەتەکانی کورد لە کەرکووک بۆیان کردوە باسمان لە تیروانینی پارتە تورکمانیەکان لە هەمبەر ئەو مەسەلەیەوە بۆیان کرد پێیانمان ڕاگەیاند کە تەنها چارە ڕێگە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کەرکووک هەرێمێکی سەر بەخۆیە.

## پارێزەر ئاشوور یلدا بنیامین ئەندامی لیژنەی باڵای ماددەی (١٤٠):

# کلدو ئاشووری لەگەڵ ماددەی (١٤٠) دان

*** برایانی ئاشووری رایەکی یەکلایی کەرەوەیان دەربارەی ماددەی (١٤٠) نییە؟ بۆچی؟**

کلدو ئاشووری لەگەڵ ماددەی (١٤٠) دان، بەوەی ماددەیەکی دەستووریە و ئەم ماددەیەش بە تەوافق دانراوە وپێویستە جێبەجێکردنی بە تەوافق بێت، هەڵبەت بۆ ماددەکە لایەن هەن دژی جێبەجێکردنی و لایەنیش هەن لەگەڵ جێبەجێکردنی ماددەکەدان. ماددەکە ماددەیەکی دەستووریە، میللەتی عیراق دەنگی بۆ داوە، رای ئێمەش ئەوەیە کە لە جێبەجێکردنیدا ناکۆکی نەبێت، چونکە ناکۆکی ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە ئەگەر چی ئێستا هەندێک ڕاو بۆچوونی جیاواز و ناکۆکی لە سەر ماددەکە هەیە، چەند لایەنێک هەن پێیان وایە ماددەکە لەگەڵ کۆتایی ساڵی(٢٠٠٧) دا ماددەکە کۆتایی پێهاتووەو هەندێکیش هەن سوورن لە سەر ئەوەی کە دەبی ماددەکە بەردەوام بێت هەنگاوی خۆی بنێت،ئەمەش وای کرد کە ماددەکە ڕەوانەی دادگای فیدراڵی بکرێت بۆ یەکلایی کردنەوەی مەسەلەکە، کە دەبوایە ڕەوانەی دادگای دەستووری بکرایە کە تا ئێستا دانەمەزراوە و ئەگەر چی دادگای فیدراڵیش تا ئێستا بریاری یەکلایی کەرەوەی خۆیان نەداوە و هەر کاتێکیش بریاری خۆی بدا بە تەئکید لیژنەی باڵای ماددەکەش رۆڵی خۆی دەبینێت. ئێمەش لە لای خۆمانەوە وەک لیژنەی باڵا بەردەوامین لە هەنگاوەکانی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکووک و دواتر ئەو بڕە پارەیەی کە دەستنیشان کراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئاوارە و هاوردەکان کە تا ئێستا کۆتایی پێ نەهاتووە.

*** سەرۆک وەزیران دەتوانێ ماددەکە رابگرێ؟**

وەک دەزانم سەرۆک وەزیران داوای لە لیژنەی باڵا کردووە بۆ وەستانی کۆبوونەوکان نەک وستانی هەنگاوەکان. چونکە راگرتنی کۆبوونەوەکان جودایە لە هەنگاونانی ئاسایی کردنەوە و تەنانەت تا ئێستاش خەڵکانێک هەن تازە فایلی قەرەبوو دەدەنە ئۆفیسی کەرکووک و هەروەک رامان گەیاند کە رۆژی (٢٠٠٨/٢/٢٨) دوا مۆڵەتی وەرگرتنی فایلی قەرەبووکردنەوە دەبێت.

*** ئێوە وەک کلدوئاشووری تا چەند ئاراستەکانی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) دان؟**

ئێمە لەگەڵ دەستووردایین، ئێمە نە لە رابردوو نە ئێستاو نە لە داهاتووشدا دژایەتی دەستوور ناکەین و ئێمەش بەوە ناسراوین کە میللەتێکی ئاشتی خوازین. میللەتێکین دەمانەوەی پێکەوە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی شارەکە پێکەوە بژێن.

*** بێت وایە ئەو (٦) مانگەی کە لەلایەن (UN) وە دەسنیشان کراوە کافیە بۆ یەکلایی کردنەوەیی کێشە هەڵپەسێردراوەکان ؟**

پێم وایە پابەندبوون بە کاتەوە شتێکی باشە نیە و هەروەک لە وادەی خۆیدا جێبەجێ نەکراو تووشی کێشەی کردین و ئێستاش ترسمان لەوە هەیە بە هەمان شێوە لە گۆتایی مانگی(٦) دا نەتوانرێ جێبەجێ بکرێت و کێشەکە قووڵتر بێتەوە.

*** ئێوە وەک کلدو ئاشووری لەگەڵ هەرێمێکی فیدراڵی بۆ کەرکووک؟**



ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە خەڵک کەرکووک بڕیاری لە سەر دەدات.

*** باشە ئێوە جگە لە ماددەی (١٤٠) و هەرێمێکی فدرال هیچ پرۆژەیەکی دیکەتان بەدەستەوەیە؟**

تا ئێستا هیچ پرۆژەیەکی تایبەتیمان نیە، ئێمە لەگەڵ دەستووردایین و لەگەڵ ئەوەین کە خەڵک کەرکووک بریاری لە سەر دەدات و بۆیە پێمان وایە هەر کێشەیەک دەبێت بە رەزامەندی هەموو لایەک یەکلای بکرێتەوە.

لایەنێکی دیکەی رێپۆرتاژەکەمان کە دەبوایە ئەوانشی لە خۆ بگردایە، عەرەبەکانی کەرکووک بوو،مخابن بە هۆی سەفەرکردنی هەندێکیان و سەرقاڵ بوونی ئەوانی دیکە بە مەسەلەی گیراوەکانیان لە گرتووخانەکانی کوردستان وەک ئەوەی کەرکووک هیچ کێشەیەکی دیکەی نەبێت جگە دەستکیرکردنی تیرۆرستان و گومانلێکراوان، هەر بۆیە پاش دوو رۆژ لە هەوڵ و تەقەلای پەیامنێرمان نەتوانرا ڕای ئەو لایەنە وەربگیرێت

# سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی ناسنامە ورەگەزنامەی کەرکووک

# ئێمە تاکو ئێستا نزیکەی (٧٠٠٠-٧٥٠٠) حاڵەتی گواستنەوەمان تەواو کردووە

نەیارانی ماددەی (١٤٠) ی دەستووری هەمیشەیی عیراقی فیدراڵ هێندە زۆرن دەتوانین بڵێین لە زۆربەی فەرمانگەپەیوەند دارەکانی جێبەجێ کردنی ماددەکەدا هەن وهەر یەکەو لەلای خۆیەوەو بە شێوازی خۆی کۆسپ و تەگەرە دەخاتە بەردەم پرۆسەی جێبەجێ کردنەکە.

بەڕێ□وەبەرایەتی رەگەزنامە وناسنامەی کەرکووک یەکێکە لەو ئەڵقانەی کە قۆناغێکی گرنگی رای کردنی مامەڵەکانیان تیدا جێبەجێ دەکرێت وهاووڵاتیانی ئاوارەی گەڕاوەو تەنانەت هاوردەکانیش بۆ گەڕانەوە و گەڕاندنەوەیان ڕێگەیان دەکەوێتە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گرنگە. بەڕێوەبەرایەتییەکە نزیکەی (٣٠) فرمانبەری تێدایە و زۆربەی هەرە زۆریان لە نەتەوەی غەیری کوردی شارەکەن وڕێژەی کوردی تیدا لە (٥٪) تێناپەڕێت. رۆژانە جگە لە رۆژانی پشووی رەسمی و هەینی شەممە سەدان کەس سەردانی ئەم فەرمانگەیە دەکات، کە رۆژانی شەممە پێشوازی مامەڵەی هاووڵاتیان ناکرێ و تەنیا بۆ ڕاپەڕاندنی ئێش و کارەکانی نێو فرمانگەکەیە. تۆمارەکانی قەرەهەنجیر، و قەرەحەسەن، و شوان، ئێستا هەر لەوبەڕێوەبەرایەتییەیەو ئاوارە گەڕاوەکان بۆ منداڵی تازە لە دایکبوو وحاڵەتی مردن وژنهێنان و تەڵاقدان و تەئشیر کردنی سەردانییان دەکەن. هاووڵاتی وا هەیە ژنی هێناوە و خێزانی پێکهێناوە و منداڵی بووە، کەچی هێشتا لە تۆمارە بنەڕەتییەمەی کەرکووک هێشتا رەبەن و تەئشیر نەکراوە. ئەندامانی خێزانێکی زۆریش ئەمری خوایان کردووە، بەلام هێشتا ناوی بە (مردوو) تۆمار نەکراوە. ئەمانە هەمووی کێشەی گەورەیان بۆ هاووڵاتیانی ئەم دەڤەرانە دروست کردووە و هەر دەشبێ بگۆر□درێن و تازەکان تۆمار بکرێن. سەرباری هەموو ئەوانەش نوێکردنەوەی ناسنامەیە،کە هەتاکو گەورەی خێزان ناسنامەکەی نوێ نەکاتەوە (چەک)ی قەرەبوو کردنەوەکەی بۆ سەرف ناکرێ. جا ئەگەر بزانن ئەم هەموو کارانەی قەرە هەنجیرو قەرە حەسەن و شوان، لە ژوورێکی تەسک و تریسکی نێو فەرمانگەکە لەلاتان سەیر نەبێ وفەرمانبەران ژوور بە ژوور دەگەڕێن هەتا مێزو ئەسکەمیلێکی فەرمانبەرێک دەدۆزنەوە، کە مۆڵەتی وەرگرتبێ، یان بۆ کارێکی فەرمانگەکە چووبێتە دەرەوە. ئەگەر بەدەستی ئەنقەست نەبێ، چۆن تەنیا ژوورێک تەرخان دەکرێت؟ چەندین جاریش ئێمە نووسراومان کردووەو زارەکیش داوای جێگە و پێداویستی و فەرمانبەری زیاترمان کردووە، بەلام کەس وەڵامی نەداوینەتەوە و دەیانەوێ ئێشەکان هەر وا بە خاوی بڕوا بەڕێوە. حکوومەتی کوردستانیش ئامادەیە فەرمانبەرانمان بە تەنسیب بۆ بنێری،بەلام لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمەوە رەت کراوەتەوە،چونکە هێنانی فەرمانبەرانی کورد لە هەولێر و سلێمانیەوە، کارەکان ئاسانتر دەکەن و کوردی دەزانن و لە زۆربەی ئەو نووسراوانە حاڵی دەبن کە لە فەرمانگەکانی هەولێر و سلێمانییەوە بە کوردی دەنێردرێت. نا چار دەبین کە چەند کەسانێک بێنین وتەرجەمەی ئەو نووسراوانەیان پێ بکەین و تەرجەمەکە تەسدیق بکرێت. ئەمانە کۆمەڵێک تەگەرەن لە بەردەم خێرا جێبەجێ کردنی مامەڵەی هاووڵاتیانی ئاوارەی گەڕاوە، بۆیە دەبینی رۆژانە بەردەم فەرمانگەکەمان جمەی دێت لە بەر خەڵکی ناوچەکانی قەرەهەنجیر و شوان، کە دەبووایە بینایەکی تایبەتی چوار پێنج ژوورییان بۆ دابین بکرایە و فەرمانبەری پێویستی بۆ دا بنێین.

حاڵی حازر ئێمە بە هەموو توانایەکمانەوە کار دەکەین ورۆژانە(٥٠-٧٥) مامەڵە بەڕێدەخەین، بەلام ئەگەر